WWW.KURDISTANNET.ORG

# ٧ ڕەش و بۆر

**نەوزاد وەلــی**

کارکردنی نایاسایی لە سویددا وەك زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا ، وەك حەڵواخواردن وایە و ئەو پەنابەرانەی کە لێرە کاری نایاسایی (ڕەش) ئەکەن ، هێجگار زۆرن و ئەگەر بە ڕێژە بقەبڵێنرێت ، ئەوا ڕێژەیەکی ئەوەندە بەرزە کە مرۆڤ شەرمەزار ئەبێت لە نوسین و دەربڕینی!.

ئیشی ڕەش لە ئەوروپادا دیاردەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتییە. ئەوروپاییەکان کە پەنای بۆ ئەبەن ، زۆر جار لەبەر بێکاریی درێژخایەنە و زۆربەیان ناتوانن بەو یارمەتیە دیاریکراوەی دەزگاکانی پشتگیریی و یارمەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی ژیان (بە شێوەی ئەوروپایی) ببەنەسەر ، چونکە ئەو ستانداردەی ئەوان هێجگار بەرزترە لەوەی پەنابەرانی خۆرهەڵاتیی.

ئەمەش سەیر نیە ، چونکە زۆربەی هەرە زۆری پەنابەران لە وڵاتانێکەوە دێنە ئەوروپا کە ستانداردی ژیان تیایاندا بە گشتیی نزمە و بە خەویش ئەم ژیانەی ئێرەیان نەدیوە و زۆربەیان ژیانێکی ساکاریان هەبووە یان کوڵەمەرگیی و کەمدەرامەتیی و نەبوونیی.

ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە پەنابەران بە گشتیی ئەتوانن بە یارمەتییەکی کەم ژیانی ڕۆژانەیان بەوپەڕی (تێریی)یەوە ببەنەسەر. لەبەرئەوەی کە پەنابەرانیش وەك هاونیشتمانانی ئەم وڵاتە بەگوێرەی دەستور و یاسا ئەو یارمەتییانە وەرئەگرن ، بۆیە بۆ ئەوروپاییەکە کەمە و بۆ پەنابەرەکەش زۆرە ، لێرەدا مەبەست لەوەیە کە هیچ پەنابەرێك نیە لە سویددا لە ڕووی ئابورییەوە پەکی کەوتبێت.

لەپێش ڕاپەڕینەکەدا کەم کورد لە سوید و ئەوروپا کاری ڕەشیان ئەکرد ، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە کە ڕێگای گەڕانەوە بۆ کوردستان ئاسان بوو ئیتر پەنابەرانی کورد بە لێشاو ڕوویان کردە کاری نایاسایی (ڕەش) ، هۆیەکەشی لەوەدایە کە پێش ڕاپەڕین ئەگەر کەسێك کاری ڕەشی بکردایە ، نەیئەتوانی پارە کۆکراوەکە بخاتە بانکەوە یان کارێکی پێبکات یان پرۆژەیەك بخاتەگەڕ ، چونکە لەبەرئەوەی بە یاسایی کارناکات ، بە ئاسانیی سەرچاوەی دەرامەتەکەی ئاشکرائەبێت ، بۆیە ژیانیان لەسەر سۆشیال (کە ناویان ناوە ماڵی مامە) لەلا باشتر بوو وەك لە کارکردن ، چ ڕەش و چ سپی.

لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەو بوارە دروست بوو کە هاونیشتمانان بە ئاسانیی بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. ئەم گەڕانەوە و هاتوچۆیەش خۆی لە خۆیدا پارەی ئەوێت! خۆ بە دەستی خاڵییش ناگەڕێنەوە و ئەبێ (گەڵا و وەرەقە و دەفتەر) بدەن بە کەسوکار ، ژنهێنان و دوکان و بازاڕ کردنەوە و خانوو کڕین و کۆستەر و ئەوتۆمۆبیل کڕین و دەیان شتی تر هەر بە پارە ئەکرێت! لە هەمووشی گرانتر (ڕاکێشان) و دەرکردنی کەسوکارەکەیە و پارەیەکی هێجگار زۆری تێئەچێت!.

بە کوردیی و کورتیی ، مرۆڤی کورد لە ئەوروپا تەنیا بۆ خۆی و خێزانی ناژی ، بەڵکوو بۆ چەندان کەس و خێزانی تریش ئەژی.

ئەمانە تا ڕادەیەکی زۆر هاندەر بوون و تا ئێستاش هەر هاندەرن بۆ ئەوەی پەنابەران پەناببەنە بەر کارکردنی (ڕەش).

WWW.KURDISTANNET.ORG

کەسانێك هەن کە هەر بە گەیشتنیان بۆ یەکەم ئۆردووگای پەنابەران ، دەستیان کردووە بە کاری ڕەش و وەك خۆیان ئەڵێن بۆ ئەوەی پارە کۆبکەنەوە بۆ هێنانی (ماڵ و مناڵەکانیان) ، یان قەرزەکانیان بدەنەوە!.

کارکردنی (بۆر)یش ئەوەیە کە کارکەرەکە ڕۆژانە چەند کاژێرێك بە ڕەسمیی کارئەکات و چەند کاژێرێکیش بە ڕەش.

ئەم دیاردە ئابورییە وەك هەر دیاردەیەکی ئابوری تر ، گۆڕانکاریی لە بواری کۆمەڵایەتیدا دروستکردووە ، شێوازی پەیوەندییەکانی ئەو کەس و خێزانانەی گۆڕیوە ، چ لەناو خۆیاندا و چ لەگەڵ کەسانی دەرەوەی خێزانەکانیاندا.

مناڵەکان قوربانیی یەکەمن لەو خێزانە ڕەش و بۆرانەدا ، هەر لە چوونە باخچەی مناڵانەوە و لەو تەمەنە ساواییەدا ، باوك و دایکیان فێری درۆیان ئەکەن و بە هەڵە پەروەردەیان ئەکەن ، بە خۆشیی بێت یان بە ترساندن ، فێریان ئەکەن کە نهێنی کارکردنە ڕەشەکەی باوکیان یان دایکیان (کە هێجگار کەمترە) بشارنەوە!.

بەردەوامبوونی ئەو خەڵکە لەو کارکردنە ڕەشەدا و کردنی بە پیشەی هەمیشەیی! زۆر لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیشیانی گۆڕیوە! کەسانێکی زۆر هەن ئەیانەوێ پاش هەموو ئەو ساڵانەی ژیانیان کە بە بێدەرامەتیی ، یان ژیانی هاکەزایی بردووەتەسەر ، ئێستا لە ئەوروپا تۆڵەی بکەنەوە و بە پیسترین و نایاساییترین شێوە و بە زووترین کات دەوڵەمەند ببن و ببن بە خاوەنی هەموو شتێك و بگەڕێنەوە بۆ کوردستان ، یان بۆ وڵاتانی خۆیان بۆ کەشخەیەتی و پۆزلێدان. بێگومان بە کاری نایاسایی نەبێت ئەو جۆرە ئاواتانە هەر وا بە ئاسانیی و لە ماوەی چەند ساڵێکدا نایەتەدی.

نمونەیەکیش بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم باسە ئەوەیە کە لەم دوواییەدا لە سوید ڕوویدا. لە شاری (مالـموێ) بەیاننامەیەك بە عەرەبیی بە ناوی کۆمەڵێك لە ئەندامانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی عێراقیی لە مالـموێ بڵاوبووەتەوە دەربارەی پیاوێك و ژنەکەی (أ.ل و أ.أ)– هەرچەندە لە بەیانەکەدا ناوی ئاشکرایان نوسراوە ، بەڵام من لێرەدا تەنیا بە دوو پیت ناویان ئەبەم – .

ئەمانە ڕابوردوویەکی خەبات و تێکۆشانی سیاسی دیاریان هەیە لە یەکێك لە حیزبە چەپە کۆنەکانی عێراقدا. بە هاتنیان بۆ سوید و بینینی ئازادیی ئەم وڵاتە و بە تایبەتیی لە ڕووی ئابوری و خۆژیاندنەوە ، ئاهی ساردیان هەڵئەکێشا بۆ ئەو هەموو ساڵانەی ژیانیان کە لەدەستیان دا لە سیاسەت و پێشمەرگایەتیدا ، بۆیە بە هەر شێوەیەك بوو ڕەستورانێکی بچوکیان دامەزراند.

عێراقییەکی زۆر سەردانی ئەم چێشتخانەیەیان ئەکرد ، چ بۆ نانخواردن و چ بۆ چاوپێککەوتن و بیروڕاگۆڕینەوە ، ئەم قەرەباڵغییە وای پێشانئەدا کە کارەکە باش ئەڕوا و بەرهەم و قازانجی زۆرە! بەڵام لە ڕاستییدا لە قەرەباڵغیی زیاتر هیچی تر نەبوو.

(أ.ل) وای لە عێراقییەکان تێگەیاندبوو کە ئیشەکەی باشە و ئەگەر پارەی بدەنێ و بیخاتەگەڕ لە دوکانەکەیدا ، ئەوا بڕی پێنج تا دە لەسەدا سودیان ئەداتێ!!.

وردەوردە ئەو کەسانەی کە پارەی سۆشیال و کاری ڕەش و بۆریان لە ماڵەوە کۆکردبووەوە! بەوپەڕی نهێنییەوە و بێ ئەوەی کەس بە کەس بزانێ ، پارەکانیان ئەدا بە (أ.ل) بە ناوی خستنەگەڕ و سودبینینەوە!.

پاش چەند مانگێك (أ.ل) ڕایگەیاند کە کار باش ناڕوا و ناچارە دوکان دابخات و (ئیفلاسبوون) ڕابگەیەنێ.

WWW.KURDISTANNET.ORG

تا ئێره ئاساییه ، بەڵام ڕاستیی کارەساتەکە لەوەوە دەستپێئەکات کە ئەو قەرزانەی لەلایەتی ، هەمووی لە کارەکەدا خەرجکراوە ، واتە قەرزەکانی سەر دوکانەکەش تیادائەچن.

دوکانەکەی بە هەموو دەزگا و ئامێرەکانی ناویەوە بە نزیکەی هەشتا هەزار کرۆن قەبڵێنرا .. بەڵام لیستی قەرزەکانیش کە بە نایاسایی قەرزکراون و کەس بەڵگەیەکی نیە و گومانیش لەوەدا نیە کە کەس ناتوانێ پارەی سۆشیال و ئیشی ڕەش بخاتەگەڕ لە پرۆژەیەکی بازرگانییدا و لەسەر کاغەزیش بینوسێ و مۆری بکات!..

لیستی قەرزە خوراوەکانیش بەگوێرەی بەیانەکە بەم جۆرەیە:

(أ.ر) **500 000** کرۆن ، (ن) **500 000** ، (أ.ر) **420 000** ، (ج) **400 000** ، (پ) **300 000** ، (أ.ر) **280 000** ، (أ.غ) **280 000** ، (خ) **120 000** ، هەروەها چەندان کەسی تر وەك لە بەیانەکەدا ناویان هاتووە بڕی جۆراوجۆر پارەیان داوە بە (أ.ل).

ئەگەر مرۆڤ بە یاسایی کاربکات بۆچی ئەو پارانە ناخاتە بانکەوە! هیچ نەبێت وەك بانکی (سپاربانکێن) **3,35** لە سەدا سود ئەخاتە سەر پارەی کۆکراوە ، بەڵام کورد بە گۆترە نەیوتووەماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمەبۆر.

ئەمە تەنیا نمونەیەکی بچوکە لەو گۆڕانکارییە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و هەڵسوکەوتدا ڕووئەدات کاتێك کە کاری ڕەش ئەبێت بە پیشە. نمونەی (أ.ل) کەم نیە لە ئێستای کوردستاندا ، سەدان کەس بەکاری ڕەشی خۆیان و بەو شێوەیە پارەی ڕەشی ئەوانی تریان کۆکردووەتەوە و خەریکی (پرۆژە) و پرۆژەکاریین لە باشوردا .. ئاشکرابوونی ئەمانیش درەنگ و زوویی کەوتووە.

لە سویددا ساڵانە بە لایەنی کەمەوە **25** میلیارد کرۆن لە دەوڵەت ئەدزرێت لە ئەنجامی کاری ڕەش و بۆردا. بێگومان لێرەدا مەبەست لە کاری ڕەشە بە گشتیی ، نەك هەر ئەوەی کە پەنابەران ئەیکەن ، چونکە ئەمرۆ هاونیشتمانیی سویدییش هەیە کە کاری ڕەش ئەکات.

ئامارێکی ئەووتۆ نیە لەم ڕووەوە و سویدییەکان ناوێرن ئەو ڕاستییانە بڵاوبکەنەوە دەربارەی کاری ڕەشی پەنابەران ، دیارە وەك خۆیان ئەڵێن بۆ ئەوەیە کە بە ڕەگەزپەرست و دژەپەنابەر نەژمێررێن ، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی ، پەنابەران بەشی شێریان بەرئەکەوێت لەم بوارەدا.

لە ساڵی **1992** بەدواوە زۆربەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان کە بە خۆڕایی بوون یان بە پارەیەکی کەم ، گۆڕانکارییان بەسەردا هات و هەندێکیشیان هەر ونبوون و نەمان. گومان لەوەدا نیە کە ئەوە پرۆسێسێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجیی گەورەیە و ڕاستەوخۆ پەیوەندیی نیە بە کارکردنی نایاساییەوە ، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ **25** میلیارد کرۆنیش کەم نیە ئەگەر لە خەزێنەی دەوڵەتدا بێت و ئەتوانرێت زۆر کەلێنی پێ پڕبکرێتەوە ، بۆ نمونە: ئەمرۆ لە سوییددا تەندروستیی دان و دانسازیی زۆر ئەکەوێت لەسەر هاونیشتمانان و کەم کەس لە چین و توێژە ناونجییەکان ئەتوانن سەردانی دکتۆری دان و دانساز بکەن ، چونکە دانچاککردنەوە و پڕکردنەوە و تاقم دروستکردن پارەیەکی زۆری ئەوێت.

لە هەمان کاتدا دەوڵەت ئەتوانێت بە بڕی **4,2** تا **6** میلیارد ساڵانە تەواوی پێویستییەکانی تەندروستیی دان بۆ هاونیشتمانان دابین بکات ، بە خۆڕایی یان وەك پێش ساڵی **1992** بە پارەیەکی کەم و وەك سیمبۆلێك.

WWW.KURDISTANNET.ORG

هەروەها هەر بە هەمان بڕە پارە ئەتوانرێت کێشەی باخچەی ساوایان چارەسەربکرێت ، یان خواردنی قوتابخانە و خوێندنگاکان بە خۆڕایی دابین بکرێت ، یان تەندروستیی بەسالاْچووان و دەیان کاروبار و خزمەتگوزاریی کۆمەلاْیەتی لەو جۆرانە.

گومان لەوەدا نیە کە ئەگەر دەولْەتێك بەرنامەی کار و بودجەی ڕێکوپێك بێت ، ئەوا ئەتوانێت ئەو خزمەتگوزارییانەش دابین بکات ، بەلاْم 25 میلیاردی کاری ڕەش ، چونکە ڕەشە ، ئەوا وەك پەلْەیەك هەمیشە دیارە و لەبەرچاوە.

ئەگەر کارکردنی ڕەش بۆ ئەوروپاییەك (خراپ) بێت ، ئەوا بۆ کورد چەندان ئەوەندە خراپترە ، ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی ساکار ، وەك:

1- کورد خاوەنی کێشەیەکی نەتەوایەتی و نیشتمانیی ڕەوا و مەزنە ، بۆیە نابێ چارەی خۆی گران بکات و دزیی بکات لە کرێکاران و کارکەرانی ئەو گەلەی کە دەرگای بۆ خستە سەر پشت و گرتیە خۆی ، ماڵ و خانووبەرەی بۆ دابینکرد ، هەروەها خزمەتگوزارییە تەندروستیی و کۆمەلاْیەتییەکانی تر و هاتوچۆ و قوتابخانە و کار و .. هتد ، جگە لەو یارمەتییەی سۆشیال کە نەك لە کوردستاندا ، بەلْکوو لە ولاْتە نەوتدارەکانیشدا زەمانەتی کۆمەلاْیەتی ئاوا ، بە خەویش نابینرێت!.

2- ئەوەی کاری ڕەش ئەکات هیچ جۆرە مافێکی کار و سەندیکایی و یارمەتی بێکاریی و کۆمەلاْیەتی نیە ، بۆیە:

3- هەرچ کاتێك خاوەنکار پێویستی پێی نەبوو بە ئاسانیی دەریئەکات.

4- کە نەخۆش ئەکەوێت ، نەك هەر موچەی نیە ، بەلْکوو هیچ جۆرە زەمانەتێك و یارمەتییەکی کۆمەلاْیەتی نیە ، جگە لە یارمەتییەکەی سۆشیال.

5- ئەگەر توشی کارەساتێك ببێت و کەنەفتە ببێت ، هیچ زەمانەتێکی نیە و کەس خۆی تێناگەیەنێت و پارەش وەرناگرێت بۆ ئەو زیانە جەستەیی و گیانییەی لێی کەوتووە. کەمیش نین ئەوانەی کە دەست و قاچ و پەنجە و گوێ و چاویان توشی نەخۆشیی جۆراوجۆر بووە لە کاری ڕەشدا.

6- پاشەکەوتێکی یاسایی نیە بۆ دوارۆژ و ماڵنشینیی (تەقاعود).

7- ناتوانێ هیچ پرۆژەیەکی ئاشکرای هەبێت کە پارەیەکی ئەووتۆی تێبچێت.

8- ناتوانێ لە ئەوروپادا (بەناوی خۆیەوە) خاوەنی خۆشگوزەرانییەکانی ژیان بێت ، وەك خانووبەرە و ئەوتۆمۆبیل و ..هتد.

9- لە بارێکی دەرونیی ئاڵۆزدا ئەژی و گومانی لە هەموو کەسێك هەیە و هەمیشە لە خەیاڵی ئەوەدایە کەی ئاشکرا ئەبێت.

10- ئەم بارە نالەبارە دەرونییە بە ئاشکرا لەناو خێزانەکەشدا ڕەنگئەداتەوە و کێشە خێزانییەکان قوڵتر ئەبنەوە.

11- ئەوەی بە ڕەش کارئەکات ، دەستکەوتەکەی تەنیا بە هی خۆی ئەزانێت و بە هەموو شێوەیەك ئەیشارێتەوە لە خێزانەکەی ، لە کاتێکدا کە لەوانەیە تەواوی یارمەتییەکەی سۆشیالیش هەر لەژێر دەستی خۆیدا بێت.

12- لەبەرئەوەی کارەکە ڕەشە ، دەستکەوتیشی هێجگار کەمە لەچاو کاری یاساییدا و هەندێك جار هەر لە کۆیلایەتی ئەچێت نەك کار.

WWW.KURDISTANNET.ORG

13– ناتوانێت وەك ئەوانەی كاری یاسایی ئەكەن ، قەرز لە بانك و دامودەزگاكان وەربگرێت. لە ئەوروپادا ئەوەی كاری یاسایی هەبێت و مەترسی بێكاریی لەسەر نەبێت ، ئەتوانێت بە ئاسانیی قەرز وەربگرێت بۆ خانووبەرە و ئەوتۆمۆبیل و شتومەكی ماڵ و شتی تر. ئەمەش مانای ئەوەیە كە كاركەران ئەتوانن (تا ڕادەیەك) بە خۆشگوزەرانیی ژیان ببەنەسەر ، ئەگەرچی بە قەرزیش بێت!. بێگومان ژیان بە خۆشیی و بە قەرزاریی خۆشترە لە ژیانی نەبوونیی و كوڵەمەرگیی (بێ قەرزاریی). قەرزاریی ئەوروپاش وەك لای خۆمان نیە و خاوەنقەرز بەردەرگا بە قەرزار بگرێت و هەڕەشە و گوڕەشەی لێبكات ، قەرز بەگوێرەی موچە و توانای دانەوەی ئەدرێت ، نەك بە هەڕەمەكیی.

14– مناڵەكانی خێزانی (ڕەش و بۆر) لەسەر بنەمایەكی ساختەچێتی و درۆ و دەلەسە و پاراستنی نهێنی پەروەردە ئەبن.

15– لەبەرئەوەی كە دوارۆژێكی ئەووتۆیان بۆ خۆیان دابین نەكردووە لە ئەوروپا ، هەمیشە بە خەیاڵی گەڕانەوەوە ئەژین بۆ كوردستان! نەك لە سۆزی نیشتمان و گەلەوە ، بەڵكوو بۆ كڕینی خانووبەرە و دوكان و بازاڕ و كەشخەییكردن و پۆزلێدان بەسەر خەڵكی هەژار و داماوی وڵاتەكەیاندا.

16– بە هۆی ئەمەشەوە ئەو خەڵكەی كوردستان وا تێئەگەن كە هەموو ئەوانەی لە ئەوروپان بەو شێوەیە ئەژین!.

17– ئەگەر مناڵان قوربانیی یەكەمی كاری ڕەش بن ئەوا ئافرەتانیش قوربانیی دووەمن. لەبەرئەوەی ئەو كەسانەی كاری ڕەش ئەكەن ، لە دوو لاوە پارەیان دەستئەكەوێت! یارمەتی سۆشیال و كاری ڕەش ، بۆیە بە شێوەیەكی ڕێژەیی پارەیەكی (تا ڕادەیەك) خەیاڵییان دەستئەكەوێت! كە هیچ نەبێت بیست ئەوەندەی موچەی دكتۆری ئەمڕۆی كوردستانە! بۆیە نە حەزئەكەن و نە ئەیانەوێ ژنەكانیان كاربكەن! سەیریش نیە كە كەسانێك لەگەڵ ئەوەشدا كە دە پانزە ساڵە لە ئەوروپا ئەژین ، تا ئێستا نەك هەر ژنەكانیان كار ناكەن ، بەڵكوو زمانەكەش فێرنەبوون! ئەویش لەبەر ئەوەیە كە تێكەڵ نابن بە خەڵكەكە و ناچنە بازاڕی كارەوە!.

ئەمانە و دەیان هۆی تر ئەو ڕاستیە پێشانئەدەن كە كاری ڕەش لە زیان زیاتر سودی نیە.

كاری ڕەش و بۆر لەم وڵاتەدا گۆڕانكارییەكی زۆری هێنا بە سەر یاساكانی كار و كۆمەڵایەتیدا. پێش دە ساڵ كاركەر لە كاتی نەخۆشییدا بە تەلێفۆنكردنێك بۆ دەزگای (زەمانەتی كۆمەڵایەتی) و ڕاگەیاندنی نەخۆشیی (یان ڕاستتر خۆ نەخۆشخستن) ، ئەیتوانی هەفتەیەك نەچێت بۆ كار و تەواوی موچەی ئەو هەفتەیەی وەربگرێت ، بە بێ ئەوەی پێویست بە بەڵگەنامەی پزیشك بكات.

لە 1992 بەدواوە ئەو یاسایانەی كار و زەمانەتی كۆمەڵایەتی گۆڕران. ئێستا یەكەم ڕۆژی نەخۆشیی بە بێ موچەیە! ڕۆژەكانی تر تا دوو هەفتە لە سەدا 75 ی موچە وەرئەگیرێت و لەدوای دوو هەفتەكەشەوە ئەبێ بە ڕێژەیەكی نزمتر و ..هتد.

گۆڕینی ئەو یاسایانە زیانێكی گەورە بوو بۆ كاركەرانی ئەم وڵاتە كە بە خەباتێكی دەیان ساڵە ئەو یاسا كۆمەڵایەتییانەیان بەدەستهێنابوو.

وەك وتمان ئیشی ڕەش و بۆر زۆر دیاردەی ناقۆڵای دروستكردووە لەناو كوردەكاندا لە ئەوروپا و تەنانەت هەندێك لە توێژە كۆمەڵایەتییەكانیشی گۆڕیوە.

WWW.KURDISTANNET.ORG

بۆ نمونه ، هەزاران کەس کە ئاستێکی ناونجی و بەرزیان هەبوو لـە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە و خاوەن بەڵگەنامەی پەیمانگا و زانکۆ و ساڵانێکی زۆری کارکردن بوون ، وەك: ئەندازیار ، دکتۆر ، یاساناس ، ئابوریزان ، مامۆستا و .. هەروەها خەڵکێکی زۆر کە لـە وڵاتە کۆنە سۆشیالیستەکان خوێندنی باڵایان تەواوکردووە و ڕێژەیەکی زۆریشیان (یاسای نێودەوڵـەتیی)یان خوێندووە! بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەو خەڵکە ڕۆشنبیرە ، لـەجیاتی ئەوەی کە بەڵگەنامەکانیان بگۆڕن بۆ سویدیی و کاری پیشەکەی خۆیان بکەن ، لـەدوای ڕاپەڕینەوە ڕوویان کردە کاری ڕەش و بۆر ، بە مەبەستی زوو دەوڵـەمەندبوون و ژنهێنان و ساڵیی دووسێ سەردانی کوردستان و ..هتد.

سەیر نیە کە ئەمڕۆ کەسانێك ئەبینیت خاوەن بەڵگەنامەی بەرزی خوێندن بوون لـە کوردستان و وڵاتانی داگیرکەرانی کوردستان یان وڵاتە کۆنە سۆشیالیستەکان ، کەچی ساڵانێکە لـێرە خەریکی سەوزەفرۆشیین! یان لـە دوکانێکی (شەعبیی)دا بەردەستیی ئەکەن ، یان لـە دوکانێکی (پیزا)دا گسکدان و قاپشۆریی ئەکەن!.

لـە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە لـەم سێ چوار ساڵـەی ڕابوردوودا بەشێکی زۆری ئەوانە ڕوویان کردە قوتابخانەکانی فێربوونی شۆفێریی تاکسی و ئێستا خەریکی تاکسیلێخوڕینن!.

کارکردن هەرچی جۆرێکی بێت خەوش و نەنگیی نیە ، بەڵام خەوشەکە لـەوەدایە کە ڕۆشنبیر و خاوەن بەڵگەنامە نەتوانێ بە چەندان ساڵ ڕاستیی بەڵگەنامەکەی و توانای خۆی بۆ ئەم وڵاتە بسەلمێنێت!.

کە زەلامێك بە یارمەتی سۆشیال و پارەی کاری ڕەش لـە ئەوروپاوە ئەچێت بۆ حەج!!! لای من جێی سەرسوڕمان نیە ، بەڵام کە ڕۆشنبیر و (مارکسیی)یەك کاری ڕەش بکات و بازرگانیی بکات بە ئەوتۆمۆبیل بردنەوەوە بۆ کوردستان ، جێی داخ و شەرمەزارییە ، چونکە ڕۆشنبیرەکان و مارکسییەکان خۆیان بە پێشڕەوی جەماوەرەکەیان ئەزانن ، بە تایبەتیی مارکسییەکان کە خۆیان بە (خاوەن)ی چینی کرێکار ئەزانن!! بەڵام لـەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی بازووی چینی کرێکارانی ئەم وڵاتانە ئەدزن ، چ بە ئاشکرا (یارمەتی سۆشیال) و چ بە نهێنیی (کاری ڕەش)!!! .. بەڕاستیی سەیرە!.

لـەگەڵ ئەوەشدا کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لـە ڕووی ئابورییەوە لـە نێوان سەرمایەدار و ئەو کارکەرەی کاری ڕەشی بۆ ئەکات ، بەڵام من لام وایە کە لـە ڕووی ڕەوشت و کۆمەڵایەتییەوە زۆر جیاوازییان نیە! چونکە هەردووکیان (دزن) و هەریەکەیان بە جۆرێك بەرهەمی کرێکاران و کارکەران ئەدزن.